# ئاشكرا كردنی پەیوەندی باشوری ئەفریقا و سویسرا و لەسەردەمی ئاپارتاید

وەرگیرانی. دلشاد حسین

تازەترین لیکۆلینەوەکان لەسەرەتای ئەمسالدا ئاشکرایان کرد کە سویسرا پشتگیری لە رژیمی ئاپارتاید کردوە لە بواری چەکی کومەلکوژی.

کۆمەڵی ریکخراوی ناحکومی داوایان کرد کە سویسرا ئەبیت لیکۆلینەوەیەکی گشتی بکات لە بارەی بەشداری کردنی سویسرا و باشوری ئەفریقا لە چالاکی کوشتن و برین لەسەردەمی ئاپارتاید.

هەمان داوا لەناو وولاتی باشووری ئەفریقاش بەرزکرایەوە، کە هەندی لەهاوولاتیان ئیدانەی ئەو پەیوەندییە ئابوریانەیان کرد لەنیوان هەندی کۆمپانیا و بەنقی سویسری و رژیمی ئاپارتایدا هەبووە. وە هەندیکی تریان داوایان کرد کە زانیاری زیاتر ئاشکرا بکریت لە بارەی هاوکاری نوسینگەکانی ـ د. ووتر باسۆن (سەرۆکی پیشووی بەرنامەی بایەلۆجی و کیمیاوی لە باشوری ئەفریقا) و سویسرا.

ئەم دکتۆرە لە هاوینی 2001 هینرایە بەردەم دادگای بروتوریا بە تاوانی کوشتن و رەشوە، لە کاتی دادگایی کردنەکەی ئاشکرای کرد کە سەرۆکی پیشووی ئیستیخباراتی سویسرا- پیتر ریغلی یارمەتی داوە لە بە دەستکەوتنی ٥٠٠ کیلۆگرام مخدری نا مەشروع (Mandrax) لەروسیا سالی ١٩٩٢.

لە بەرامبەردا پیتر ریغلی لە لە مانگی ٨ ی رابردوو بۆ رۆژنامەکانی راگەیاند کە دەزگای ئیستخباراتی سویسری هاوکاری ئیستیخباراتی باشوری ئەفریقای نەکردووە و شایەتیسەکانی د. ووتر دورن لە راستییەوە.

سەرەرای ئەم حاشاکردنە، حکومەتی سویسرا لە مانگی10و11ی رابردوو رایگەیاند کە کۆمیتەیەکی پەرلەمانی فایلیکی لیکۆلینەوە ئەکاتەوە، لە بارەی پەیوەندی نیوان هەردوو دەزگای ئیستیخبارات، ئەم لیژنەیە رازامەندی وەرگرت بۆ لیکۆلینەوە لە گەل شاهیدەکان و ئەو بەلگەنامانەی کە پەیوەست بەو کیشەوە لە سویسراو دەرەوە.

لەهەمان کاتدا وەزارەتی دەرەوەی سویسرا لیکۆلینەوەیەکی ناوخۆیی تایبەتی دەستپیکرد بۆ ئەوەی بزانیت کە ئایا سویسرا بەشدار بووە لە یارمەتیدانی باشوری ئەفریقا بۆ بەدەستهینانی چەکی کیمیاوی.

لەدەرەی دیوارەکانی حکومەتی سویسرا،لە سەرەتای ئەمسال، کۆمەلی لیکۆلینەوەی سەربەخۆ لە سویسرا و باشوری ئەفریقا بلاوکرایەوە ئەم لیکۆلینەوە نوییە ئاشکرای کرد کە سویسرا هاوکاری رژیمی ئاپارتایدی کردووە بۆ بەدەستهینانی چەکی ئەتۆمی بەریگای قەرزدانی ملیارەها فرنکی سویسری، سودی ئەو قەرزانەش بۆ کومپانیای Escomکە ئەوکاتە لە دەستی دەولەتی باشوری ئەفریقا بووە.وە زۆرینەی پارەی دەزگا دراوییەکانی سویسرا پارەیان لە کۆمپانیای Escom خستۆتەگەر.

تیبنی : ئەم هەواله گرنگە و زۆر پیویستە کە ئیمەی کورد سودی لی وەربگرین بۆ ئاشکراکردن و ئیدانەکردنی هاوکارانی رژیمی عیراق لە جینۆسایدی گەلی کورد.

سەرچاوە Swissinfo

2/4/2002 سویسرا

©kurdistannet